# ٣٠ ئامۆژگاری
## دەربارەی
# مانگی ڕەمەزان

نوسینی
سلطان بن عبد الله العمري

ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان
ba8.org walamakan.com

# پێشەکی

سوپاس و ستایش بۆ ئەو خودایەی کە جارێکی تر تەمەنی پێ بەخشین تا بگەینەوە بە بەهاری دڵان و مانگی پاکبوونەوە .

مانگی ڕەمەزان تەنها مانگێکی ئاسایی نییە، بەڵکو دەرفەتێکی زێڕینە بۆ نوێکردنەوەی پەیوەندیمان لەگەڵ پەروەردگار و دووبارە داڕشتنەوەی ژیانمان لەسەر بنەمای تەقوا.

ئەم خاڵانەی نێو ئەم نامیلکەیە ، ڕێنمایی و ڕێکارن بۆ هەموو ئەو بڕوادارانەی دەخوازن ئەم مانگە بە میوانێکی ئازیز بزانن و زۆرترین توێشووی تێدا کۆبکەنەوە.

**١ -دڵخۆشبە بە هاتنی مانگی ڕەمەزان:** چونکە مانگێکە دەرگاکانی بەهەشت و دەرگاکانی ئاسمان و دەرگاکانی ڕەحمەتی تێدا دەکرێتەوە. ڕەمەزان مانگی لێخۆشبوون و ڕزگاربوونە لە ئاگری دۆزەخ؛ ئەو مانگەیە کە قورئانی تێدا نێردراوەتە خوارەوە و شەوی قەدری تێدایە، کە خێر و چاکە کردن تێیدا لە هەزار مانگ باشترە.

**٢ -فێری حوکم و ئادابەکانی ڕۆژووبوون ببە،** تاوەکو ڕۆژووەکەت لە لایەن خودای گەورە قەبوڵ بێت.

**٣ -بزانە کە حیکمەت لە ڕۆژووبوون بەدیهێنانی (تەقوا) و پارێزکارییە**، وەک خوای گەورە دەفەرموێت:

(یَا أَیُّهَا الَّذِینَ آمَنُوا کُتِبَ عَلَیْکُمُ الصِّیَامُ کَمَا کُتِبَ عَلَى

الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ) (البقرة :١٨٣)، واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، ڕۆژووتان لەسەر فەرز کراوە هەروەک چۆن لەسەر گەلانی پێش ئێوە فەرز کرابوو، بۆ ئەوەی ببنە کەسانی پارێزکار و بەتەقوا.

هەر بۆیە ڕۆژانە لێپرسینەوە لەگەڵ نەفسی خۆتدا بکە، ئایا تۆ لەو کەسانەیت کە لەم مانگەدا تەقوا و پارێزکاریت زیادی کردووە؟

**٤ -کاتەکانت لە ڕەمەزاندا ڕێک بخە،** بۆ ئەوەی بتوانیت کارە چاکە جۆراوجۆرەکان ئەنجام بدەیت و خوداش بەرەکەت بخاتە کاتەکەتەوە. بزانە کە هەموو ڕۆژێکی ڕەمەزان دەستکەوتێکی گەورەیە و دەتوانیت پاداشتێکی بێشوماری تێدا بەدەست بهێنیت.

**٥ -پارێزگاری لە خوێندن یان کار و وەزیفەکەت بکە** و بەهۆی ڕۆژووەوە تەمەڵی مەکە؛ بزانە کە مانگی ڕەمەزان مانگی کۆشش و تێکۆشانە. لە سەردەمی پێغەمبەرەکەماندا (ﷺ) سەرکەوتنە گەورەکان لەم مانگەدا بەدەست هاتوون، جەنگی "بەدر" و "فەتحی مەککە"ش هەر لەم مانگەدا بوون.

**٦ -لەگەڵ خێزانەکەتدا نەرم و نیان بە**، لەگەڵیان دانیشە بۆ ئەوەی فەزڵ و ئادابەکانی ڕەمەزانیان فێر بکەیت، هەروەها هاوکاری هاوسەرەکەت بکە لەو کارانەی کە لەم مانگەدا پێویستی پێیەتی.

**٧ -لە خودای خۆت بپاڕێوە کە هیممەتێکی بەرزت پێ ببەخشێت** بۆ قۆستنەوەی کاتەکانت لە کارە

چاکەکاندا؛ چونکە سەرکەوتن (تەوفیق) تەنها بە یارمەتی و کۆمەکی خودای گەورە بەدەست دێت.

## ٨ -هەندێک کات دیاری بکە بۆ مانەوە لە مزگەوت

بە مەبەستی نوێژکردن و خوێندنەوەی قورئان؛ بەتایبەتی دوای نوێژی بەیانی تا خۆرکەوتن چونکە گۆشەگیری و تەنها مانەوە لەگەڵ خودای گەورە ئیمانت زیاد دەکات.

## ٩ -بەگوێرەی توانا خێر و صەدەقە بکە لەم مانگەدا

، بزانە کە خێر و سەدەقە یەکێکە لە دەرگاکانی بەهەشت، ڕەحمەتکارانیش خودای میهرەبان ڕەحمیان پێ دەکات؛ چونکە ڕەنگە نزا و دوعای هەژارێک ببێتە هۆی سەرکەوتنت لە دونیا و قیامەتدا.

**١٠ -بزانە کە گەورەترین گوناهەکانی نەوەی ئادەم بەهۆی زمانەوەیە، بۆیە زمانت بپارێزە** لەو زیان و ئافاتانەی کە دەبنە هۆی کەمبوونەوەی پاداشتی ڕۆژووەکەت. لە فەرموودەدا هاتووە: "هەرکەسێک واز لە قسەی درۆ و کارکردن بەو درۆیە نەهێنێت، ئەوا خودا پێویستی بەوە نییە کە ئەو کەسە واز لە خواردن و خواردنەوەکەی بهێنێت".

**١١ -بۆ ئەوەی سوود لە قورئان وەربگریت، ئامۆژگاریت دەکەم وردبیتەوە لە واتاکانی** و بوەستیت لەسەر ئامۆژگارییەکانی؛ خوای گەورە دەفەرموێت: (كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ إِلَيْكَ مُبَارَكٌ لِّيَدَّبَّرُوا آيَاتِهِ) واتە: ئەمە

کتێبێکی پیرۆزە بۆمان ناردویەتە خوارەوە بۆ ئەوەی لە ئایەتەکانی وردببنەوە. بزانە کە ئێستا چەندین ئەپلیکەیشن لە مۆبایلەکاندا هەن کە قورئان و لێکدانەوەی واتاکان و تەفسیر و وردبوونەوەیان تێدایە.

**١٢ -چاوت بپارێزە لە سەیری حەرام،** چ لە کەناڵەکانەوە بێت یان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ﴾ واتە: بە پیاوانی بڕوادار بڵێ چاویان دابخەن (لە ئاستی نامەحرەم). چەندین نیگا هەبوون کە بوونەتە هۆی ڕەقبوونی دڵ، یان ڕەنگە ببنە هۆی بێبەشبوونت لە پەرستشەکان و لەدەستدانی شیرینیی ئیمان.

**١٣ -هەندێک لە کاتەکانت تەرخان بکە بۆ سەردانی نەخۆش** بە مەبەستی هەواڵپرسین و دوعای خێر بۆ کردنیان؛ بزانە کە ئەوان بەم کارە زۆر دڵخۆش دەبن، هەر کەسێکیش ببێتە هۆی دڵخۆشی خەڵکی، خودای گەورە دڵخۆشی دەکات.

**١٤ -وریابە لەو مشتومڕ و موناقەشانەی کە لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێت**؛ بزانە کە زۆربەی ئەو هەواڵ و کۆمێنتانە دڵ ڕەق دەکەن و کات بەفیرۆ دەدەن و مرۆڤ تووشی ئافاتەکانی وەک (غەیبەت) و گاڵتە پێکردن دەکەن.

**١٥ -دڵت پاك بكەرەوە لە حەسوودی بردن** بە براكانت و دڵخۆشبە بەو خێر و بێرییەی كە بۆیان دێت؛ بزانە كە سەلامەتیی دڵ هۆكارێكە بۆ لێخۆشبوونی پەروەردگار، وەك لە فەرموودەدا هاتووە: "دەرگاكانی بەهەشت لە ڕۆژانی دووشەممە و پێنجشەممەدا دەكرێنەوە، خوا لە هەموو بەندەیەك خۆش دەبێ كە هاوبەش بۆ خودا بڕیار نادات، تەنها ئەو پیاوە نەبێت كە لە نێوان خۆی و برایەكەیدا كینە و دوژمنایەتی هەبێت، دەوترێت: واز لەم دووانە بهێنن تاوەكو ئاشت دەبنەوە".

**١٦ -خەڵكی خێر و بێری زۆریان تێدایە و ئەمەش لە مانگی ڕەمەزاندا بەدیار دەكەوێت؛** مزگەوتەكان پڕن

لە نوێژخوێنان، گەڕاوەکان بۆ لای خودا (تەوبەکاران) لەم مانگەدا ڕوو لە زیادبوون دەکەن، سوپاس بۆ خودا. بۆیە ئامۆژگاریت دەکەم بە هەر ڕێگەیەک کە بۆت دەگونجێت بانگەواز بۆ لای خودا بکەیت؛ چونکە ڕەنگە ڕووبەڕووی دڵێک ببیتەوە کە بیەوێت تەوبە بکات و تۆ ببیتە هۆکاری هیدایەتدانی.

**١٧ -بۆ ئەوەی لە مانگی ڕەمەزاندا تووشی بێزاری نەبیت لە پەرستشەکان، ئامۆژگاریت دەکەم جۆراوجۆری بکە** لە نێوان عیبادەتەکاندا؛ وەک خوێندنەوە، تەسبیحات، نوێژ، سوودگەیاندن بە خەڵکی، گەڕان بەدوای زانست و هی تریش. هەروەها کار بەم

قاعدەیە بکە: "أدومُهُ وإنْ قَلّ" واتە بەردەوام بە لەسەر ئەنجامدانی عیبادەتەکان ئەگەر بڕەکەشی کەم بێت.

**١٨ -هەروەک چۆن سووریت لەسەر زۆریی پەرستشەکان، بە هەمان شێوە سووربە لەسەر پاراستنی پەرستشەکانت** لەو شتانەی کارەکان پووچەڵ دەکەنەوە؛ وەک ڕیایی یان خۆبەزلزانین. با کارەکانت تەنها بۆ خودای گەورە بێت و هەمیشە هەست بەوە بکە کە هەموو فەزڵ و چاکەیەک تەنها لە لایەن خودای گەورەوەیە.

**١٩ - جاروبار لە سیرە و ژیانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بخوێنەرەوە**، بۆ ئەوەی بزانیت پەرستش و

ڕەوشتی چۆن بووە، پاشان تێبکۆشە بۆ ئەوەی چاوی لێ بکەیت و پەیڕەوی بکەیت؛ خوای گەورە دەفەرموێت: (لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ) واتە: بە ڕاستی لە ڕەفتار و ژیانی پێغەمبەری خوادا نموونەیەکی باڵا و چاک هەیە بۆتان.

## ٢٠ -سووربە لەسەر ئەنجامدانی عومرە لەمانگی ڕەمەزان،

بۆ ئەوەی ئەو پاداشتە بەدەست بهێنیت کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " عومرە کردن لەڕەمەزاندا خێری حەجێکی هەیە کە لەگەڵ مندا کرا بێت". لەم بارەیەوە ئامۆژگاریت دەکەم: فێری چۆنیەتی ئەنجامدانی عومرە ببە و هەوڵ بدە لەگەڵ هاوەڵ و هاوڕێی چاکدا بێت.

**٢١ -ئاساییە کاتێک بۆ پشوودان لە عیبادەتەکان تەرخان بکەیت، چونکە نەفس تووشی بێزاری دەبێت؛** بۆیە ئەو کات و بەرنامە ڕێپێدراوانە (موباح) هەڵبژێرە کە دڵخۆشت دەکەن و هیممەت و جۆش و خرۆشت تێدا نوێ دەکەنەوە.

**٢٢ -شەوەکانی ڕەمەزان دەرفەتێکی گەورەن بۆ پەرستش،** بۆیە سووربە لەسەر ئەنجامدانی نوێژی تەراویح و شەونوێژ، مژدەشت لێ بێت بە لێخۆشبوونی پەروەردگار؛ وەک لە فەرموودەدا هاتووە: "هەر کەس لەشەوانی ڕەمەزاندا شەو نوێژ بکات باوەڕی پێی هەبێت و بەتەمای پاداشتی هەبێت لای خوای گەورە لە تاوانەکانی پێشووی دەبووررێت".

**٢٣ -گەر لە شەودا کاتی بەتاڵت بوو – لە کاتێکدا لە ماڵەوەیت – هەستە شەو نوێژ بکە**، بەتایبەت لە سێیەکی کۆتایی شەودا کە تێیدا نزا و دوعاکان وەڵام دەدرێنەوە؛ ڕەنگە نزا و پاڕانەوەیەک بکەیت کە ببێتە هۆی بەختەوەریت لە دونیا و قیامەتدا.

**٢٤ -سووربە لەسەر ئەوەی زوو بچیت بۆ نوێژەکان؛** بزانە کە کاتی نێوان بانگ و قامەت دەرفەتێکی زێڕینە بۆ نوێژکردن، قورئان خوێندن و دوعاکردن. هەر کەسێکیش بەردەوام بێت لە زوو چوون بەرەو مزگەوتەکان، شیرینیی ئیمان لە دڵیدا دەدۆزێتەوە.

**٢٥ -لە کاتی بەربانگدا زۆر مەخۆ،** بۆ ئەوەی کار نەکاتە سەر خشوع و ئامادەیی دڵت لە ناو نوێژەکاندا.

**٢٦ -ڕەمەزان مانگی پاڕانەوە و دوعایە،** لە تەواوی کاتەکانی ڕۆژوودا ئومێدی وەڵامدانەوەی دوعا دەکرێت؛ وەک لە فەرموودەدا هاتووە: "سێ کەس هەن دوعاکانیان ڕەت ناکرێتەوە، یەکێکیان ڕۆژووەوانە هەتا ئەو کاتەی بەربانگ دەکاتەوە".

**٢٧ -پێویستە ئافرەتان لە مانگی ڕەمەزاندا کۆشش بکەن لە هەموو جۆرەکانی پەرستشدا** و خزمەتکردنی خێزان نەکەنە بیانوو؛ چونکە کات ئەوەندە فراوانە کە جێگەی هەموو ئەمانەی تێدا دەبێتەوە، بگرە بە

ڕێکخستنی کات دەتوانێت هەم ئامانجە ئاینییەکان و هەم ئەرکە خێزانییەکانیشی بەدی بهێنێت.

**٢٨ -یەکێک لەو شتانەی مرۆڤ دڵتەنگ دەکات ئەوەیە کە دەبینیت هەندێک لە پیاوان و ئافرەتان کاتەکانیان لە شەوەکانی ڕەمەزاندا بە زۆر چوون بۆ بازاڕ** بەفیڕۆ دەدەن، ئەمەش دەبێتە هۆی لەدەستدانی چەندین دەرفەتی گەورە بۆ کۆکردنەوەی توێشووی گوتار و کرداری چاک.

**٢٩ -لە دە شەوی کۆتاییدا بەپێی توانای خۆت ئیعتیکاف بکە**؛ پێغەمبەرەکەمان (ﷺ) هەموو ساڵێک لە دە شەوی کۆتایی ڕەمەزاندا ئیعتیکافی دەکرد تا ئەو کاتەی وەفاتی کرد.

بۆیە ئامۆژگاریت دەکەم ئەگەر بۆ یەک شەویش بێت ئیعتیکاف بکەیت، تاوەکو بە تەنها لەگەڵ خودای خۆت بیت و دوور لە جەنجاڵی و خەمەکانی ژیان، ئۆقرە بگریت.

**٣٠ -بە نەفسی خۆت بڵێ: ڕەنگە ئەمە دوا ڕەمەزانم بێت**، ئینجا بە هەموو جۆرە کارە چاکەکان تێبکۆشە، بەو ئومێدەی بگەیت بە ڕەزامەندی و لێخۆشبوونی خودا.

**لەکۆتاییدا**، ڕەمەزان تەنها مانگی برسێتی و تێنوێتی نییە، بەڵکو قوتابخانەیەکە بۆ فێربوونی ئارامی و بەهێزکردنی ئیرادە. هیوادارین ئەم خاڵانە ببنە چرایەک بۆ ڕووناککردنەوەی شەوانی ڕەمەزانمان و هاندەرێک بن بۆ

ئەوەی بە دڵێکی پڕ لە ئیمانەوە لەم تاقیکردنەوەیە دەربچین. خودایە، ڕۆژوو و پەرستشەکانمان لێ وەربگرە و بمانکەیت بەو کەسانەی کە لەم مانگەدا ڕزگاریان دەبێت لە ئاگری دۆزەخ.

**وصلَّى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم .**

**ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان**

ba8.org walamakan.com

---

**ئێرە سکان بکە**